# سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هاوکێشەی دیاریکردنی سەرۆکوەزیران لە عێراق

09-04-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** هێشتا ماوە دەستوورییەکەی ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیران عەدنان زورفی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام ڕۆڵەکەی وەك سەرۆکوەزیری ڕاسپێردراو کۆتاییهات. هەرچەندە عەدنان زورفی هیوای زۆر بەوە هەبوو لە ماوەی یاسایی خۆیدا، کۆدەنگی لەسەر پێکهێنانی حکومەتەکەی دروستبکات و لە پەرلەمان تێیپەڕێنیت، بەڵام بەر لەو وادەیە شکستی خۆی لە دروستکردنی حکومەتی عێراقدا ڕاگەیاند و کشایەوە. ئەویش بەهۆی تاکە گرفتی ئێستای شەقامی شیعەوە کە بریتییە لە نەبوونی کۆدەنگییەکی گشتی لەسەر هیچ بەربژێرێك بۆ سەرۆکوەزیری.

د.هەڵمەت غەریب

راوێژکار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو|

**بەرایی**

هێشتا ماوە دەستوورییەکەی راسپاردنی سەرۆکوەزیران عەدنان زورفی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام رۆڵەکەی وەك سەرۆکوەزیری راسپێردراو کۆتاییهات. هەرچەندە عەدنان زورفی هیوای زۆر بەوە هەبوو لە ماوەی یاسایی خۆیدا، کۆدەنگی لەسەر پێکهێنانی حکومەتەکەی دروستبکات و لە پەرلەمان تێیپەرێنێت، بەڵام بەر لەو وادەیە شکستی خۆی لە دروستکردنی حکومەتی عێراقدا راگەیاند و کشایەوە. ئەویش بەهۆی تاکە گرفتی ئێستای شەقامی شیعەوە کە بریتییە لە نەبوونی کۆدەنگییەکی گشتی لەسەر هیچ بەربژێرێك بۆ سەرۆکوەزیری. لەمرووەوە عەدنان زورفی بووە دووەم قوچی قوربانی ئەم گرفتەی ئێستای شیعەکان و سەرۆککۆماریش دوای ئەو، مستەفا کازمی بۆ پێکهێنانی حکومەت راسپارد. ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخە، بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو لەبارەی پشتگیریکردن لە مستەفا کازمی. ئەمەش رۆڵی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە پرسی دیاریکردنی سەرۆکوەزیران و پرسی یەکگوتاری کورد زیاتر لە بەغدا دەردەخات، کە بەپێی نەریتی رەفتاری سیاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وادیارە بە بێ پرس و راوێژ بە هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ئەو بەیاننامەیەی دەرنەکردووە.

**رۆڵی کورد لە دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی عێراق**

ئەوەی تایبەت بێت بە رۆڵی کورد لە دیاریکردنی سەرۆکوەزیران، ئەوەیە کە بە درێژایی ساڵانی رابردوو، کورد و سەرکردایەتی کورد دواکەس بوون کە قسەیان لەسەر دیاریکردنی سەرۆکوەزیران کردووە. قسەی کوردیش تاوەکو رادەیەکی زۆر یەکلاکەرەوە بووە، بەو مانایەی شیعەکان خۆیان گرفتەکەیان چارەسەرکردووە و خستوویانەتە بەردەم هێزە سیاسییەکانی دیکە بۆ ئەوەی بریاری کۆتایی لێبدرێت. هەر لە رەتکردنەوەی ویلایەتی سێیەمی مالیکییەوە بۆ رەتکردنەوەی دووەمی عەبادی و دواتریش رەتکردنەوەی ئەگەری سەرۆکوەزیری محەممەد تۆفیق عەللاوی، رۆلی کورد لە دیاریکردنی سەرۆکوەزیران، لە هەردوو بارەکەدا چ بە رازیبوون یاخود رەتکردنەوە، رۆڵێکی پاشکۆ و کۆتایی بووە. بەڵام پێدەچێ ئیتر کورد ئەو رۆڵە چاودێرییە نەگێڕێت و رۆڵی سەیرکردنی رووداوەکان کۆتایی پێبێنێت تاوەکو بزانێ بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، بەڵکو بیەوێ ئیتر رۆڵی راستەقینەی لە دیاریکردنی سەرۆکوەزیراندا هەبێت. لەکێشەکانی دیکەی عێراقیشدا لە ئێستا بەدواوە. یەکەم هەنگاویش بریتیبوو لە بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانیکردنی مستەفا کازمی سەرۆکی دامەزراوەی هەواڵگری نیشتیمانیی عێراق.

پێدەچێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دۆسیەی بەغدا و پێگە و ئایندەی کورد لەڕووی سیاسییەوە لە عێراقدا بەیەکجاری وەك دۆسیەکی گرنگ لەلای خۆی جوڵە پێبکات. بێگومان ئەویش لەسەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە سیاسیانەیە کە لە رابردوودا لەنێوان لایەنە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بریاری لەسەر درابوو. سەرەڕای ئەمەش، خۆیەکلاییکردنەوەیەکی ئاشکرای سیاسیشە لەنیوان زورفی و کازمیدا.

لەڕاستیدا هەردوو بەربژێرەکە تاوەکو رادەیەکی زۆر دڵخوازی کوردبوون. هیچ گرفتێکی ئەوتۆ لەنێوان کورد و ئەو دوو بەربژێرەدا نییە. بەڵام هەڵوێستەکەی نێچیرڤان بارزانی، زۆر یەکلاییکەرەوە بوو. ئەوەش وایکرد هەنگاوە دەستوورییەکانی راسپاردنی بەربژێری تازە دەستپێبکرێت و لەو رێگەیەشەوە گرفتی مامەڵەکردن لەگەڵ ماددەی 76ی دەستووری عێراقدا تاوەکو رادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی سەرۆککۆماردا کۆتایی پێبێت. چونکە، لە رابردوودا تاوەکو رادەیەکی زۆر، لە چەند حالەتێکی کەمدا نەبێ، سەرۆککۆمار پابەند بووە بەو بەربژێرەی کوتلەی زۆرینە دیاریکردووە بۆ راسپاردنی بۆ دروستکردنی حکومەت. پێدەچێ لەدوای راسپاردنی عەللاوییەوە، نەریتێکی دەستووری لەعێراقدا دروستبێ و تۆپەکە لە گۆڕەپانی سەرۆککۆماردا و بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتەکانی ئەو بمێنێتەوە.

ئەگەر بە وردی دیقەتی بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بدەین، کاتێك دەڵێت "داوا دەکەین هەموو لایەك پشتیوانی بکەن تاوەکو بە زووترین کات ئەرکەکانی پێکهێنانی حکومەت تەواو بکات"، دەبینین کە خۆیەکلاکردنەوەیەکی پێشوەختەی هەیە و ئامانجیشی ئەوەیە هانی لایەنەکان بدات خۆیان لەبارەی مستەفا کازمی یەکلابکەنەوە. چونکە، لە پشتی پەردەوە بەتەواوی پشتگیری دەکەن، بەڵام بە ئاشکرا وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان تائێستا هەڵوێستیان دەرنەبڕیوە. ئەمەش بۆخۆی بوونە بەشێکە لە پرسی دیاریکردنی سەرۆکوەزیران لە عێراق.

لەسەر ئاستی سیاسی، هەردوو بەربژێر بەڵێنی ئەوەیان بە کورد داوە کەوا پشتیوانی لە داخوازییەکانی بکەن و تاوەکو رادەیەکی زۆریش تێگەیشتنیان بۆ پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر باشە. بەتایبەت مستەفا کازمی کە ماوەیەکی زۆر لە کوردستان ژیاوەو ئاگای لە بارودۆخی کوردستانە و ئێستاش سەرۆکایەتی دامەزراوەیەکی گرنگی وەک هەواڵگری عێراق دەکات کە ئەمریکییەکان بە تاکە دەروازەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە عێراقدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیبینن. خالێکی دیکەی بەهێزی سیاسی بۆ کازمی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لایەنگری هیچ هێزێکی سیاسی ناکات و باوەڕی بەسەربەخۆیی بڕیاری سیاسی عێراقی هەیە، بەڵام ئێرانیش بەرهەڵستی ناکات.

**ئەنجام**

بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتگیریکردن لە کازمی بڕیارێکی کوردستانی و تەواو فەرمییە. بۆیە پێویستە لەسەر لایەنەکانی بەغدا وەک بڕیاری گشتگیری کورد سەیری بکەن. هەروەها قۆناخێکی نوێشە لە پێگەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە بڕیاری سیاسی عێراقدا کە پێویستە برەوی پێبدرێت و بەرەوپێش ببرێت. هاوکات دەتوانن رێگربن لەهەر دانوستاندنێکی حیزبی و تاکلایەنە لەگەڵ مستەفا کازمیشدا. لێرەدا بابەتێك بە کراوەیی دەمێنێتەوە تاوەکو گفتوگۆکان بەشێوەیەکی فەرمی دەستپێدەکەن، ئەویش ئەوەیە کە ئایا داخوازییەکانی کورد لەم کابینە تازەیەی عێراق چییە؟ ئایا تەنیا مانەوەی وەزیرەکانی کوردە لە پۆستەکانیان یاخود داخوازی سیاسی یەکلاکەرەوە دەخەنە بەردەم مستەفا کازمی؟

هەرچەندە من خۆم باوەرم بەوە نییە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو بتوانێ کاری گەورە بکات، چونکە بارودۆخی نێوخۆیی عێراق لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە دەرفەتی ئەنجامدانی کار و هەنگاوی گەورەی لەبەردەم سەرۆکوەزیرانی نوێدا نەهیشتووەتەوە. ئەوەی بتوانێ بیکات لەوانەیە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی تاڕادەیەك جیاوازە لە ماوەی ساڵێکدا. هەروەها بەدیهێنانی هەندێك داخوازی خۆپیشاندەرانی عێراقییە کە تائێستا لە گۆرەپانەکاندا بە دیار بەڵێنەکانی سەرۆکوەزیرانی راسپێردراوەوە ماون.